ئاوارە کەرکوکیەکان لە هۆکاری نەگەڕانەوەیان دەدوێن!

***پیرەمێردێکی کەرکوکی: من بە هەڵە لەکەرکوك لە دایك بوومە!**

***گەنجێکی کەرکوکی: گەر زەمینەی گەڕانەوە فەراهەم بێ بە خۆشحاڵییەوە دەچینەوە ئامێزی زێدی باوك و با پیرا نمان!**

ئا: بەکر تەیفور

سەرەتا بە دوای پرۆسەی ئازادی گەرامەوە کەرکوك بە دوای شەش مانگ بە هەڵەداوان هەڵهاتم و گەرامەوە بنەسلاوە، هاوڵاتی ئەحمەد کەریم ئاوارەی کەرکوکی و دانیشتوی بنەسلاوە لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا وتی:

هۆی پەشیمان بوونەوەم ئەوەبوو دیاردەی دزی و تاڵان و هۆیەکی دیکەی ئەوەبوو دابەشکردنی زەوی بە ناهەق بەسەر خەڵکانێکی ناشایستەداو هەر بەرپرسێك هەڵدەستا دەستی بەسەر چەندین پارچە زەویدا دەگرت و دابەشی دەکرد بەسەر خزم و کەسانی خۆیداو، چەندین خانوویان داگیرکرد و منیش بەو سیفەتەی خانووم نەبوو داوای پارچەیەك زەویم کرد گاڵتەیان پێم دەکرد و ئەیانوت: تا ئێستا تۆ لە کوێ بووی؟ لە وەڵامدا وتم: ئەی ئێوە تا ئێستا لەکوێ بوون؟ مەبەستم ئەوەیە ئەمەوێ بڵێم ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی بەیەك چاو تەماشا بکرێ، خەڵکانێك هەبوون بە تەواوی ژیانیان کەرکوکیان نەبینیوە، باشترین زەوی و یا چاکترین خانوویان داگیرکردووە و دەستیان بەسەریدا گرتووە، لە هەموو شوێنە دوورەکانەوە وەکو رانیە و قەڵادزێ و هەڵەبجە و سۆران و چۆمان و دیاناو بادینانەوە دەهاتن، کەچی ئێمە خەڵکی کەرکوکین و پێمان ئەڵێن تا ئێستا لە کوێ بوونە، خەڵکەکە زۆربەیان دەزانن لەسەردەمێکا پەیوەندیم کرد بەهێزی پێشمەرگەوە کە لە سەختترین رۆژگار دابوو سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ لە نۆکان و قاسمەرەش.

لەگەڵ ڕاپەرینە مەزنەکە هاتەوەو گەڕاومەتەوە، ئێستا لە نێو خانووی خۆمم من بگەڕێمەوە کەرکوك لە کرێچێتی دابنیشم ئەمە چییە کوردایەتیە؟ بە کورتی گەر بەرژەوەندی کوردم دەوێت، کورد منی ناوێت، ئێتر بۆ بگەڕێمەوە؟! گەر وەکو ئەوخەڵکانەی دەورپشتی خۆیان سەیرم بکەن و یارمەتی و ئاسانکاریم بۆ بکەن دەگەڕێمەوە.. گەر بەم شێوەیە بێت بەنیازنیم بگەڕێمەوە.. خەڵکەکە لەگەڵ بەرژەوەندی خۆی دایە کوردایەتی چییە؟ ماددەی ١٤٠ نازانم چییەو بەندەکانی چین؟ لە سەرەتادا وامدەزانی کەرکوکیەکان دەسەڵاتی کەرکوك، بەڕێوە دەبەن پاشان بۆم دەرکەوت هەورامیەکیان هێناوە حکومی کەرکوك دەکا، هیچ حیسابێك بۆ خەڵکی کەرکوك ناکەن.

هاوڵاتییەکی دیکەی دانیشتووی دارەتوو کە ڕەسەن کەرکوکیە کانەبی سەرتاش وتی: بە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق گەڕاینەوە بۆ کەرکوك و رووماں کردە فەیلەق، کە خەڵکێکی زۆری کەرکوکی ماڵیان هێنابووە ئەوێ و هیچیان بۆمان نەکردو خزمەتگوزاری نەبوو نەئاو نە کارەبا خێوەتێکیان پێداین، ژیان لە ژێر خێوەتدا دەبێ لەم سەردەمەدا؟ دوو سێ مانگمان بە کوڵەمەرگی گوزەراند پاشان بە ناچاری گەڕاینەوە، گەرچی پسوولەی خۆراکمان گواستەوە، ئێستاش چاوەڕوانی ماددەی ١٤٠ین جێبەجێ بکرێ و قەرەبووی ئەو خەڵکە بکرێتەوە و ئاسانکاری و پێداویستی بۆ خەڵکەکە بکرێ، وە ئێمە لە بنەڕەتدا دانیشتووی گوندەکانین و ئێستا گوندەکانمان چۆڵە و ئاوەدان نەکراوەتەوەو هیچ خزمەتگوزارییەکیان لێ نییەو بچینەوە چی بکەین؟

هاوڵاتییەکی دیکەی کەرکوکی کە ئێستا نیشتەجێی دارەتوو خەلیل عەبدوڵڵاش هۆکاری نەگەڕانەوەیانی گەڕاندەوە بۆ: نەبوونی خزمەتگوزاری و قەرەبوو نەکردنەوەی خەڵکەکەو ئاوەدان نەکردنەوەی گوندو دێهاتەکان، هەروەها وتی: چاوەڕوانین حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم ناوچە وێرانکراوەکانی سەردەمی ڕژێم ئاوەدان بکەنەوەو قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکەنەوەو قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ئاو و کارەبا و تەواوی پێداویستییەکانی ژیان و، فەراهەمکردنی ئیش و کار بۆ خەڵکەکەو دامەزراندنیان لە دام و دەزگا حکومییەکانی کەرکوك و گواستنەوەی فەرمانبەران بەشێوەیەکی فەرمی، لەدام و دەزگا حکومییەکان جێیان بکەنەوەو دامەزرێن، ئەوجا زەمینە خۆش دەبێ بۆ گەڕانەوە، خەڵکەکە ئامادەیی تیا دەبێ بە زێدی خۆیان شادبنەوە.

هاوڵاتییەکی دیکەی کەرکوکی کە بڕوای بە هیچ نەمابوو کە ئێستا نیشتەجێی دارەتوو عوسمان قەساب بە تورەییەوە کەئامادە نەبوو قسەمان بۆ بکاو وێنەشی بگرین و کە لەبنەڕەتدا خەڵکی گوندی حاجی بەیغانی سەر بە ناحیەی شوان-ڕێدارەو لە ساڵانی سییەکان لەوێ لە دایکبووە وتی: من ناچمەوە کەرکوك، کوردنیم، ئەرمەنیم و وێنەشم مەگرن و بە ڕێکەوت و بە هەڵە لە شوان لە دایك بوومو هاتمە دونیا، ناو کوردو کەرکوك لای من مەهێنە.

هاوڵاتییەکی گەنج لە بنەسلاوە کە دوکانێکی خنجیلانەی لەبەر دەرگای ماڵەوەیان دانابوو (بڕیار بارزان ئەحمەد) وتی: هۆکارو فاکتەری ئەگەڕانەوەمان بۆ زێدی باب و باپیرانمان کەرکوکی خۆشەویست ئەوەیە ئێمە کۆمەڵێك خوشك و براین قوتابین و بارکمان فەرمانبەرە لێرەو ،هۆیەکەی ئەوەیە ناتوانین درێژە بە خوێندن بدەین لە کەرکوك بەهۆی نائارامی و نەبوونی ئاسایش ئەوەتە رۆژ جێگای داخە، هەر کاتێ گەر هاتوو زەمینە لەباربوو لە شاری کەرکوك، ئەوسا ئێمەش رۆژ بە خۆشحاڵییەوە شاری خۆمانەو جێگای لە دایك بوونمانە دەگەڕێینەوەو سستی و دواخستنی ماددەی ١٤٠ و جێبەجێ نەکردنی ڕێگرە لە بەردەم هەموو کوردێکدا نەك من بەتایبەت، ئێمە خەڵکی قادر کەرەمین ئاوەدان بۆتەوە، بەڵام خزمەتگوزاری کەمەو بەپێی پێویست نییەو خوازیارین بچینە کەرکوك نیشتەجێ بین.

هاوڵاتییەکی دیکەی ئاوارەی کەرکوك مامۆستا فؤاد کازم لەو بارەیەوە وتی: هۆکاری نەگەڕانەوەی کەرکوکییەکان بۆ کەرکوك، دەگەڕێتەوە بۆ نارێکی و شێوازی گەڕانەوەمان بۆ کەرکوك، لە سەرەتادا هەڕەمەکی بوو، هەر کەس سەربەخۆ دەگەڕایەوە بۆ شێوازی داگیرکردنی ئەو پارچە زەوییانەی خاڵی بوون، ئەمەش بووە هۆی تاڵوزییەك لە پیلانەکانی حکومەت و حکومەت شێوازێکی تێکەڵبوونی خەڵکانی شایستە لەگەڵ خەڵکانی ناشایستە، چونکە ئەو خەڵکانەی کەوا زۆربەیان خەڵکی کەرکوکن هەر خۆیان لەو کەسانە بوون بوونە داگیرکەری ئەو زەوییەی زیادەڕۆیانەی بەناوەی ئەو خەڵکانەی ئێستا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن بەناوی ئەوانەوە ئەو مافانە وەرگیراوە، لەوانەیە ئەوەش بوویێتە خاڵێکی سەرەکی کەلایەنەکانی تری وەکو عارەب و تورکمان پشتی پێ ببەستن کە بتوانن قسەی خۆیان بگەیەننە جێ و، بڵێین کوردەکان ڕێژەیەکی زۆر گەڕاوەتەوەو شایستەنین.

وەك ئاماژەم پێکرد لایەنەکانی دیکە دژ بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەر ئەوتەواوی بەندەکانی ئەو ماددەیە بکەوێتە واری جێبەجێکردن بە یەکسانی و قەرەبووی خەڵکەکە بکرێتەوەو پێم وایە دەروازەیەکی باش دەبێ بۆ گەڕانەوەی کەرکوکییەکان بۆ جێگاو شوێنی لە دایك بوونیان، مامۆستا فؤاد لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بە حەسرەتەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: بەڵام سەبارەت بە گوندەکانی دەورو پشتی کەرکوك بهاتایە بە شێوازێکی یەك لایەنە لەهەر دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە هەماهەنگییەکی وایان هەبوایە بۆ گەڕاندنەوەی خەڵکەکە نەبوایەتە ئەوەی کەوا لایەنگرانی خۆیان بگەڕێننەوە بەشێوازێکی کۆمەکی گشتی بوایە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، ئەو گوندانەی دەورو پشتی کەرکوك ئاوەدان بکرابایەوە ئەوجا، پایە، پایە تاکو بگەیشتایەتە ناو کەرکوك، بەڵام من ڕەخنەکەم لەوەیە کە خەڵکانی کەرکوك ئەوانەی شایستەن، ئێستا لێرە مانەتەوە لە وانەیە خەڵکانێکی دیکە هەبێ ئێستا سوودمەند بوونە، لەسەر حیسابی ئەوان و کەچی کەرکوکییە راستەقینەکانیش دەبێنن خزمەتگوزاری و کۆمەککردن نییە، بەپێی پێویست ئەمانە بوونەتە فاکتەرێك بۆ نەگەڕانەوەیان بۆ کەرکوك، یا ئەو باردۆخەی کە ئێستا کەرکوك پێیدا تێپەڕ دەبێ لە ڕووی ئەمن و ئاسایشەوە ڕەنگبێ وایکردبێ کوردەکان بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و بە پێچەوانەوە نەگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان کەئەویش شاری کەرکوکە.

مامۆستایەکی دیکەی نیشتەجێی دارەتوو بەرەگەز خەڵکی گەڕەکی جینگلاوەی شۆرجەی کەرکوك و مامۆستا فاروق عەبدولکەریم وتی: من یەکێکم لەو ئاوارانەی کە نەگەڕاومەتەوە بۆ کەرکوك تاکو ئێستا ئەم پرسیارە موعتیاتەکەی: بەلامەوە زۆر سەیرە، چونکە روو لە هەر شوێنێك دەکەم دام و دەزگا حکومییەکان سەر شۆستەو شەقام و کوچەو کۆڵانەکان دەپرسن ئێوە ئاوارەی کەرکوکین بۆ ناگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان؟ من سەیرم دێ کەسێك خەڵکی کەرکوك بێ لە هەولێرو سلێمانی و شوێنەکانی دیکەی دوور لە زێدی خۆی نیشتەجێ بێ ئێستاش گەر بگەڕێتەوە کەرکوك و لە ژێر خێوەتدا بژی سەیرە!! تاکەی ژیانی ئاوارەیی؟! سەدان ساڵە کەرکوکی لە نێو کەلاوەو یاریگاکان و بنکۆنە دوکان و خێوەتدان ئایا ئەمە راستە؟! سەیرکەو لەشاری خۆیدایەو لە ژیانی کولەمەرگی و ئاوارەیدایە، بەڵام یەك مەسەلە هەیە دەسەڵاتی کوردی کە باسی پشتیوانی و کۆمەککردنی خەڵك دێتە ئاراوە، تەنانەت هەر قسەی ڕۆژانەیەو هیچی تر!

تا ماددەی ٥٨ لە ئارا دابوو ئەم ماددەیە یان سووك و ریسواکرد لەبەر چاوی خەڵکی کەرکوك، چونکە هیواو ئاواتیان بوو گەر جێبەجێ بکرابایەو ئەویش گۆڕدرا بۆ ماددەی ١٤٠ لە دەستووردا، چونکە فەشەلی هێنابوو لە ماددەیەکی بێهۆشکەر بترازێ هیچی دیکە نییە، کاتێك ئەمریکا هاتە عێراق قسەی جۆراو جۆرمان دەکرد سەبارەت بەو هاتنە لەلایەن هەندێك خەڵکەوە ڕەخنەیان لە قسەکانمان دەگرت و ئەمریکایان بە فریادڕەس لە قەڵەم دەداو وایان دەزانی هەموو شتێك بۆ کورد دەکاو خەونی سەد ساڵەیان بەدی دێنێ!!

سەرەتای هاتنی ئەمریکابوو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازدرا بۆ (هاری شووت) لە هەولێر ڕۆژنامەنووسێك لێی پرسی: ئێوە چۆن کۆمەك و هاریکاری ئاوارەکانی کەرکوك و ئاسانکارییان بۆ دەکەن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان؟!

وەڵامی هاری شووتیش زۆر سەیربوو وتی: خەڵك ئازادە بۆ ناگەڕێنەوە، یانی ئەمە ڕەنگدانەوەیە ئێمە وتمان: ئەمریکا دێت سەدام دەروخێنێت، بەڵام گەورەترین کاردەسات دێنێ بۆ گەلانی عێراق بە کوردستانیشەوە، ئاوارەکان ناگەڕێننەوەو هیچیانیش بۆ ناکەن، ئەوە شتەکان ڕوون بوونەوە ئێستا لەبەرچاوی خەڵك ڕۆشن بوونەوەو ئاوارە نەگەڕانەوەو هیچ بۆ خەڵك ژەنگارو قەڕاج و کەندێناوەو خانەقین و کەرکوك نەکرا، ئێستا دۆخێك دروست بووە لە عێراق ئاوارەی ڕاستەقینە بزربووە، من دەڵێم ئاوارەکان خۆیان بتوانن ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەی سەربەخۆی ئاوارەکان دوور لە پارتە نەتەوەییە کوردییەکان دروست بکەن، بەشێوەیەك وابێ قورساییان هەبێ، تەواوی ئاوارەکان لەخۆبگرێ و نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن و دەستنیشانی بکەن و ئامارێکی تەواوی ئاوارەکان بکەن و تاکو فشارێك لەسەر حکومەت دروست بکەن بەو مەبەستەی بتوانن هاریکاری و کۆمەکی ماددەی و مەعنەوی و وەربگرن و ماددەکانی دەستوور تایبەت بەئاسایی کردنەوەی دۆخی ناوچە کوردییەکان جێبەجێ بکرێ.

لانی کەم بۆ هەر خێزانێك پارچەیەك زەوی وەربگرن، چونکە ئێستا بڕوانە کەس نازانێ بە چ یاسایەك ئەو هەموو زەوییە دابەش کراوەتە سەر خەڵکی قەرەداغ و پشدەر و بتوێن و کفری و کەلار، بستێك زەوی نەماوە بۆ خزمەتگوزاری، لە ڕاستیدا خەڵکی ڕاستەقینەی کەرکوك نەگەڕاوەتەوە ئێمە بۆ نموونە خەڵکی گەڕەکی جینگلاوەین ڕژێم لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕووخاندنی تاپۆی ڕەشمان هەبوو ئێستا کەس نازانێ بەسەر کێدا دابەشکراوە دەس بەسەریاندا گیراوە، دیارە کۆمەڵێك خەڵك هاتۆتە سەر دەسەڵات یاساو ڕێسای بەعس پیادە دەکەن، بۆ نموونە فەرمانگەی کۆچبەران و ئاوارە لە کەرکوك هەیە بەرپرسێکی پایەداری کۆنە بەعسی کاتی خۆی زیاتر لەهەزار ماڵە کورد لەسەر دەستی ئەو دەربەدەر کراوەو ئاوارەبوو، کەچی ئێستا لەو فەرمانگەیە بەرپرسەو خاوەن بڕیارە!! ئێتر چی چاوەڕوانی دەکەی لەوە؟! ئاوارەکانی خەڵکی کەرکوك چاوەڕوانی پارتە سیاسییە نەتەوەییە کوردییەکان بکا، ئەبێ چاوەڕوانی مەرگەساتی زیاتر بکا.

جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ زامنی ئاشتی و پێکەوە ژیانە

لە سێدارەدانی سەددام (ڕووسپی) کردنی جەلادێك بوو، بەڵام دەکرێت بکرێتە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد

هشام ئاکرەیی

بیرکردنەوە و کارکردنی زانستی و دیالیکتیکیانە دەیسەلمێنن کە هەر هەنگاوێك لایەنی باش و خراپی هەیە و ئەگەر لایەنە نیگەتیڤەکە هاتە ئاراوە دەبێ بەدەرای دیسوی تری ڕووداوەکەدا بگەڕێی بە مەبەستی گۆڕینی شکست بە قازانج یان هەر هیچ نەبێت کەمکردنەوەی زیان بۆ کەمترین ئاست.

بۆیە سەبارەت بە لە سێدارەدانی سەددام دەتوانین ئەوە بڵێین: ئەگەر سەدام حسێن گەورەترین جەللاد و دیکتاتۆر بێت، ئەگەر بە دیان و هەزاران کوردی کوشتبێت، ئەگەر منداڵ و ژنی زیندەبەچاڵ کردبێت، ئەوە لە سێدارەدانی بەم شێوەیە و بەو خێراخێراییە تاوانێکی گەورەترە لە کردەوەکانی سەددام دەرحەق بە ڕاستیی و پێوەرەکانی سزادانی تاوانباران و ئاشکراکردنیان.

ئەگەر سەددام ڕێگای نەدابێت قوربانانیەکە تەنانەت شایەدمان بێنێت، ئەگەر سەددام پارەی گوللەی کوشتنی هاوڵاتیانی لە کەسوکاری ئیعداکراوەکان وەرگرتبێت، ئەگەر سەددام هەزاران لادێ و گوندی کوردی تەخت کردبێت، ئەوە لە سێدارەدانی سەددام بەم شێوەیە هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی تاوانە گەورەکانی سەددام و پێشاندانی وەك کابرایەکی کەم تاوان.

ئەگەر دادگاییکردنی سەددام لە سەر هەموو تاوانەکانی حەق بێت، ئەگەر سەددام تاوانباربێت بە کوشتنی ١٤٨ کەسی خەڵکی شارۆچکەی دوجەیل ئەوە تەواو نەکردنی دادگاییکردنی (سەددام) لەسەر تاوانەکانی ئەنفال، هەڵەبجە، کوردی فەیلی و بارزانیەکان تاوانێکی گەورەترە لەو تاوانانەی سەددام بەرامبەر بە کورد، چونکە ئەوەی یەکەم سەددامێکی جەللاد کردی، بەڵام ئەوەی دووەم حکومەتێك کردی کە کورد لە پێکهاتەکەیدا بەشدارە و ئەمریکایەك پشتگیری دەکات کە خۆی بە دۆستی کورد دادەنێت.

ئەگەر حکومەتەکەی مالکی هەرچەند مافی ئیمزاکردنی لە سەرۆکی عێراق تاڵەبانی وەرگرتبێت و ئەو چەکەشی لە دەستیدا نەهێلابێت و لە جیاتی ئەو، مالکی بڕیاری لە سێدارەدانی سەددامی ئیمزا کردبێت، ئەگەر هەندێ کورد ئیمزانەکردنی بڕیاری ئیعدام لە لایەن تاڵەبانییەوە بە کارێکی باش دابنێن، ئەوە بە کار نەهێنانی دەرەنجامەکانی لە سێدارەدانی سەددام کە لە لایەن حزبی دەعوەی ئیسلامی و بە تایبەت موقتەدای کوڕی سەدرەوە ئەنجامدراوە، دەبێتە لە دەستدانێکی فورسەت و دەرفەتێکی تری مێژووی هەڵەیەك کە دوژمنانی کورد خەریکن دەیکەن.

ئەگەر لە سێدارەدانی سەددام بەو شێوەیە گەورەترین هەڵەی شیعەکان و گروپی سەدر بێت، ئەگەر لە سێدارەدانی سەددام گەورەترین هەڵەبێت بەرامبەر بە کێشەکانی کورد، ئەگەر ئەو هەڵەیە کێشەی کوردی پشتگوێ خستبێت، ئەوە لە سێدارەدانی سەددام لە لایەن عەرەبی شیعە و حکومەتی مالکییەوە بە بەشداری موقتەدا و لە شکری مەهدی دەتوانرێت بێتە یەکەمین هەنگاو بۆ سەربەخۆیی کوردستان و کۆبەگۆکردنی عێراقی یەکگرتوو و بەغدا و ناوەندێکی بە هێز.

چۆن:

بمانەوێ و نەمانەوێت، تازە سەددام دەبێتە (حسێنی) عەرەبی سوننەکان لە عێراق و یەکگرتنەوەی عەرەبی سوننەو شیعە زۆر زەحمەت دەبێت بە تایبەت ئەگەر لایەنە کوردییەکان هەوڵ نەدەن ئاشتیان کەنەوە و ڕۆڵی بڕا گەورە بگێڕن.

کوشتنی سەددام لە لایەن شیعەکانەوە مەترسی ئەوەی هەیە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی ڕاستەوخۆ لە نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننەدا. ئەوەش هەر چەندە لە ڕۆی دیدی مرۆڤایەتیەوە ڕەوا نییە، بەڵام لە سیاسەتدا گۆڕەپان مەرجە و خواستەکان بارودووخەکان ناجۆڵێنن. هەڵگیرسانی ئەو شەڕە جارێکی تر دەبێتە هۆی بە هێزبوونی کورد و ئەگەر بە شێوەیەکی تەواو بە کاربهێنرێت ئەوە دەسەڵاتدارانی کورد دەتوانن هەموو دامودەزگاکانی بڕیاردەر بگۆزنەوە باشووی کوردستان بە تایبەت بانکی مەرکەزیی کوردستان کە هەموو داهاتی نەوتی کوردستان لە وێدا کۆبکرێتەوە.

تەنیا لایەن کە زۆر نزیکی عەرەبی سوونە بوون و مەترسی ئەوە هەبوو کە هاوپەیمانی لە گەڵ عەرەبی سوننە دروست بکات، موقتەدای کوڕی سەدر بوو. بە شداربوونی لەشکری مەهدی لە کوشتنی سەددامدا دەبێتە ڕێگر لە دروست بوونی ئەو هاوپەیمانییەدا.

موقتەدای کوڕی سەدر پلانی خراپی هەبوو لە ناوچەی کەرکووك و هەموو ناوچەکانی تری دەرەوەی دەسەڵاتی کوردی و ئەوان هار ڕابوون لە گەڵ لایەنەکانی عەرەبی سوننە و بەردەوام لەو ناوچانەدا دژی پرۆژە کوردیەکان بوون. کوشتنی سەددام ئەگەری ئەوەی هەیە عەرەبی سوننە و گرۆپی موقتەدا و گرۆپی بەدری شیعەکان بکەونە شەڕ لە گەڵ یەکتری یان هەر هێچ نەبێت ناتوانن هاوپەیمانی دروست بکەن.

گروپی موقتەدا یەکەمین گرۆپ بوو کە ڕەگەزپەرستیی عەرەبی لەلایان بە هێز تر بوو لە شیعەتی، بە کوشتنی سەددام لە لایەن ئەوانەوە دەتوانرێت ببێتە هۆی ئەوەی ئەو گرۆپەش زیاتر بەرەو ئایین و شیعیەتی بڕۆن، ئەمەش شیعەکان بەرەو تەکەتولی شیعی دەبات و عەرەبی سوننەش بەرەو تەکەتولی سوننی دەبات، بۆیە دروستکردنەوەی عێراقێکی یەکگرتوو زەحمەتتر دەبێت و بووە.

ڕووداوێکی درێژخایەن لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەکاندا پێگەی باشووری کوردستان لە ناوچەکەدا بەهێتر دەکات و دەتوانرێت لە یەکێ لە قۆناغەکاندا دەوڵەت رابگەیەنرێت بە تایبەت ئەگەر عەرەبی سوونە هەرێمی سەربەخۆی خۆیان رابگەیەنن بۆ ئەوەی لە فشاری ئێران ڕزگاریان بێت.

هەڵبەتە ئەم پێشبینیانە بەدی نایەن ئەگەر:

لایەنە کوردیەکان ڕۆڵی بڕا گەورە و ئاشتکەرەوە بگێڕن لە عێراقدا.

لایەنە کوردیەکان پابەند بن بە دەستووری عێراق.

لایەنە کوردیەکان بە بێ مەرج لە گەڵ ئەمریکا هاوکاری بکەن.

ئەمریکا بتوانێت حزبی بەعس ڕازی بکات و بهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ لە گەڵ شیعەکاندا.

ئەمریکا فشار بخاتە سەر شیعەکان بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی عەرەبی سوننە.

یان ڕۆداوێکی تری گەورە لە ناوچەکەدا ڕوبدات.....

هەڵبەتە ئاماژەکانی سەرەوە واتای ئەوە نییە واز لە دادگاییکردنی سەددام و سەرانی تری ڕژێم بهێنرێت بەڵکوو دەبێت کورد پلانێکی تەواوی هەبێت بۆ کێشەی جینوساید و ئەنفال و هەڵەبجە و بەو ڕێگایەوە پرۆسەیەکی یاسایی بۆ دروستکردنی دەوڵەت بگرێتە بەر لەسەر ئاستی جیهاندا.